# تایەر بەگی جاف
# پاشای عەشق لە هەوارگەی خێڵاندا

**د.ئاراس محەمەد ساڵح**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان)**

تایەر بەگی جاف کوڕی وەسمان پاشای جافە، لە دوای نیشتەجێبوونی بنەماڵەکەیان لە ساڵی (١٨٧٥ز) لە هەڵەبجە لەدایک بووە، بنەماڵەکەیان خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و سەرۆکی عەشیرەتی گەورەی جاف بوون، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانییەوە حسێبی تایبەتیان بۆ کراوە، هەر لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە نازناوی پاشایان پێ دراوە، بەڵام هیچ کام لە تایەر بەگ و ئەحمەدموختاری برای نازناوی (جاف و پاشا)یان بۆ خۆیان دانەناوە، تایەر بەگ تەنیا (تاهیر) و ئەحمەدموختار (ئەحمەد)ی وەک نازناوی شیعری بەکار هێناوە، بەڵام نازناوی بەگ و جاف لەلایەن خەڵکیەوە بۆیان دانراوە(١).

هەرچەندە تایەر بەگ کوڕی یەکێک لە سەرۆک خێڵە دیارەکانی عەشیرەتی جافە، بەڵام ژیانی خێڵایەتی و شانازی کردن بە بنەماڵەکەیەوە هیچ جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی لەناو شیعرەکانیدا نییە، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا تایەر بەگ لە خوێندنی مزگەوت کە ئەو ڕۆژگارە تەنیا ئەوە بووە، قۆناغەکانی خوێندنی مەلایەتی تەواو نەکردووە، کە لە پرۆگرامی خوێندنی ئایینیدا زۆر گرنگی بە ڕەوانبێژی و ڕێزمان و صەرف دەدرێت، هەر ئەوەیش وای کردووە مەلای کورد لەو بوارەدا باڵادەست بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شاعیرە بەهرەمەندە لەو بوارەدا سەرکەوتووەو ئاستێکی باڵای لە وێنای شیعری و خواستن و لێکچواندن و زۆر بواری تری زمانەوانیدا هەیە(٢).

دەتوانین تایبەتمەندی شیعرەکانی تایەر بەگ لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

**یەکەم**: شیعرەکانی تایەر بەگ بەزۆری لە دەوری عەشق و ئەویندارییدا دەخولێنەوە، بەڵام عاشقێک هەموو سنوورەکانی خۆشەویستی تێپەڕاندووەو لە وەسفی جوانی کچاندا ئەفراندنی زۆری کردووە.

**دووەم:** باسی خێڵ و ژیانی خێڵایەتی ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانیدا نییە، ئازایەتی و جەربەزەیی و سەختی و کوڵنەدان و شانازی کردن بە باوانەوە، لە دیارترین کولتوورەکانی خێڵی کوردە، بەڵام تایەر بەگ بە هیچ جۆرێک لە ناو شیعرەکانیدا لای بەلای ئەوانەدا نەکردووەتەوە.

**سێیەم:** نازناوی پاشای نییە و بەکاری نەهێناوە، هەرچەندە شاعیر لە بنەماڵەیەکی خانەدان و بەگزادە لەدایک بووە، بەڵام ئەم شاعیرە بەهرەمەندە هیچ کات شانازی بە بنەماڵە و خێڵەکەیەوە نەکردووە، لە هەمان کاتدا ئەو کولتوورەی خێڵەکەی و ژیانی کۆچەری و



**تایەر بەگی جاف**

گەرمیان و کوێستان لەناو شیعرەکانیدا هیچ ڕەنگدانەوەیەکی نییە.

**چوارەم:** هەرچەندە شیعرەکانی لە دەوری عەشق و ئەویندا دەخولێنەوە، بەڵام چامەیەکی زۆر بەرزی لە ستایشی پێغەمبەردا (د.خ) نووسیوەو چامەیەکیشی بۆ شێخانی نەقشبەندی و خانەقای بیارە داناوە.

**پێنجەم:** مەخابن لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شاعیرە بەهرەمەندە کوڕی بنەماڵەیەکی خاوەن دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی بەهێز بووە، بەڵام دوای یەک سەدە لە کۆچی دوایی، کەمترین خزمەت بە کەلەپوور و دەستنووس و شیعرەکانی کراوە، چەند جارێک دیوانەکەی بە کەموکووڕی زۆرەوە لەلایەن خەمخۆرانی ئەدەب و شیعرەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە(٣).

## هۆیەکانی گەشەکردنی توانایی ڕووناکبیری و ئەدەبی تایەربەگ

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد تایەر بەگ کوڕی بنەماڵەیەکی کۆچەری و سەرۆک خێڵێکی کوردە، بەڵام لە شیعرەکانیدا ئەو پێگە عەشیرەتگەرییە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی نییە، بە پێچەوانەوە شیعرەکانی لە ستایشی کچانی کورد و ئەوین و عەشقدا لە شیعری کەسێکی پەروەردەی شار و ژیانی شارستانی دەچێت، تەنانەت بە پێوەری ڕۆژگاری خۆی ئەو سنوورەیشی تێپەڕاندووە، لێرەدا ئەوەی گرنگ و جێگەی پرسیارە، چی وای کردووە تایەر بەگ سنووری ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی تێپەڕێنێت و لەو ئاستە بەرز و جوانەدا ئەفراندن بکات، بێ گومان کۆمەڵێک هەلومەرج یارمەتیدەری ئەم شاعیرە هەست ناسکە بوون کە لەو ئاستە باڵایەدا شیعر بهۆنێتەوە، لەوانە:

**یەکەم:** دایکی خوێندەوار و شاری زادەی بنەماڵەی سنەیی ساحێب قڕان بووە، بێ گومان منداڵ کوڕی دایکیەتی و زیاتر دایک کاریگەری لەسەر پەروەردەو گەشەکردنی هەیە، ژنێکی هەڵکەوتووی وەک عادیلەخانم لە بنەماڵەیەکی شارستانی دەسەڵاتداری وەک ساحێبقڕاندا پێگەیشتووەو خوێندەوار بووە، هەروەها ئەم خانمە هەڵکەتووە، هەموو کات کە وەسمان پاشای هاوسەری ئامادە نەبووبێت، ئەم وەک سەرۆک خێڵ و دەسەڵاتداری هەڵەبجە هەڵسوکەوتی کردووە.

**دووەم:** بنەماڵەکەیان شیعرپەروەر بووە، هەموو کات دیوەخانەکەیان جێگەی کۆبوونەوەی شاعیران و خوێندەوارانی ئەو سەردەمە بووە، دۆستایەتی سەرۆکەکانی جاف و هەوڵەکانی کەسێکی وەک مەحموود پاشای جاف بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی شیعری شاعیران و کەشکۆڵە شیعرییە ناوازەکەی خودی مەحموود پاشای جاف، بەڵگەی دۆستایەتی ئەم بنەماڵەیەیە لەگەڵ شاعیران و بایەخدانیان بە شیعر و ئەدەب و ڕۆشنبیری(٤).

**سێیەم:** بنەماڵەیەکی خواپێداو و دەسەڵاتدار بوون، تایەربەگیش لە خێزانێکی دەوڵەمەند و دەسەڵاتداردا لەدایک بووە، سەرەتای خوێندنی لە مزگەوت دەست پێ کردووە، پاشان مامۆستای تایبەتییان بۆ گرتووە و لە ماڵەوە لەگەڵ ئەحمەد موختاری برایدا خوێندوویانە، سەرەتاکانی خوێندنی ئایینی و زمانی عەرەبی و فارسی فێر بووە، هەندێکیش ئینگلیزی و فەرەنسی زانیوە، زانینی زمانی فارسی زۆر یامەتی داوە بۆ تێکەڵاوبوونی بە شیعر و ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی فارسی و بۆ سەلیقەی شیعری و خۆرۆشنبیر کردنی زیاتر سوودی زۆری لێ وەرگرتووە.

**چوارەم:** نیشتەجێبوونیان لە هەڵەبجە، عەشیرەتی جاف کۆچەر بوون و گەرمیان و کوێستانیان کردووەو خەریکی ئاژەڵداری بوون، بەڵام لە ڕۆژگاری پێگەیشتنی

تایەربەگدا بنەماڵەکەیان لە هەڵەبجە نیشتەجێ دەبن، بەدیاریکراوی لە دوای نیشتەجێبوونیان لە هەڵەبجە، وەسمان پاشای باوکی خانووی شاهانەی لەو شارە دروست کردووە، لە هەمان کاتدا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە پۆستی قایمقامی هەڵەبجە لە ساڵی (١٨٨٩ز) بە وەسمان پاشای باوکی دەدرێت، ئەم گۆڕانکارییانە قۆناغێکی گرنگ بوون لە گواستنەوەی ژیانی کۆچەرییەوە بۆ ژیانی شارستانی کە بۆ تایەر بەگ هەڵکەوتووە.

**پێنجەم:** ژینگەی هەڵەبجە و دەوروبەری فاکتەرێکی باش بووە، لە ڕۆژگاری پێگەیشتنی تایەر بەگ لە هەڵەبجە کۆڕی شیعری لە دیوەخانەکاندا هەبووە، پیرەمێردی شاعیر کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لەو شارە فەرمانبەر بووە، ئاماژە بەوە دەکات کە شەوان لە دیوەخانەکانی هەڵەبجە کۆڕی شیعری گەرم دەکرا، بە تایبەتی شیعری مەولەوی جێگەی بایەخ بووە، بێ گومان یەکێک لەو دیوەخانانە ماڵی وەسمان پاشای باوکی تایەربەگ بووە، ژینگەیەکی وەها کاریگەری زۆری لە گەشەکردنی توانای شیعری لای تایەربەگ هەبووە(٥).

**شەشەم:** گەشەکردنی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم کوردستان و ناوچەکە لەبەردەم وەرچەرخانێکی گرنگی ڕۆشنبیری و فەرهەنگیدا بووە، بیری نەتەوەیی و گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری و دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی، هەموو ئەوانە ڕەنگدانەوەی زۆریان لەسەر دنیابینی کەسانی وەک تایەربەگ و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە هەبووە.

**حەوتەم:** زیرەکی و بلیمەتی خۆی، تایەربەگ لەگەڵ ئەوەش کە لە ژینگەیەکی پێشکەوتوودا لەدایک بووە، لە هەمان کاتدا خۆیشی کەسێکی زیرەک و ژیرییەکی فراوانی هەبوو، کەسێکی وەک (ئەدمۆندز) سەردانی هەڵەبجەی کردووە و لە نزیکەوە تایەربەگی بینیوە و باس لەوە دەکات کە تایەربەگ کەسێکی زیرەک و عەقڵێکی فراوانی هەبووە، ئاماژەش بەوە دەکات شیعری بە چوار زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی وتووە، بەڵام تا ئێستا تەنیا شیعرە کوردی و فارسییەکانی تایەربەگ لەبەردەستدان و نازانرێت شیعرە عەرەبی و تورکییەکانی لە کوێن(٦).

### عەشق و ئەوین لە شیعرەکانی تایەربەگدا

هەرچەندە ئەحمەدموختاری شاعیر هەم براو هاوکات هاوشوێنی بووە، داوا دەکات شاعیران لە باسی زوڵف و چاوی بەخەوی یار دوور بکەونەوە و بێنە سەر باسی خەمەکانی نیشتمان، بەڵام تایەر بەگ لا بەلای شیعری نیشتمانی و نەتەوەییدا ناکاتەوە، ئەو باوەڕی وابووە باسی نیشتمان و سیاسەت کاری شیعر نییە، بەڵکو کاری شیعر دەرخستنی توانایی ڕەوانبێژی و باسی جوانی ئافرەت و سروشتە، لەم بوارەدا بەڕێگای قوتابخانەی کلاسیکدا ڕۆیشتووە.

جوانی نازدارانی کورد و سروشتی جوانی کوردستان، کاریگەری کارایان لەسەر توانست و بەهرەی شیعری تاهیر بەگ هەبووە، لەم بوارەدا ئەسپی خۆی تاوداوەو داهێنانی جوانی کردووە، هەر ئەوەش وا لە سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و چەندان هونەرمەندی تر دەکات کە شیعرەکانی بکەنە گۆرانی، تایەر بەگ لە چامەیەکیدا دەڵێت:

**دڵ نەخۆشی دەردی هیجرە، جانی جانانم وەرە**
**لەت لەتە جەرگ و هەناوم، ماهی تابانم وەرە**
**عیللەتی دەرد و شەفاکەم، وا بە لێوی شەککەرت**
**مایەیی ژین و حەیاتم، دەرد و دەرمانم وەرە**
**سەد شوکر دووبارە جەژنە، وەختی عەیش و شادییە**
**بۆ بەڵا گەردانی باڵات، قۆچی قوربانم وەرە**(٧).

تایەربەگ لە دووری یار تووشی دەیان نەخۆشی بووەو چاکبوونەوەو دەرمانی هەموو دەردەکانی تەنیا دیداری یارە، تەنانەت خۆشحاڵی شاعیر بە هاتنی جەژن بۆ دیداری یارە، بەڵام جەژنی قوربانە و ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت ببێتە قوربانی بۆ باڵاگەردانی یار، تەنیا ئەوبێت و بەدیداری شادبێت، ئەم سەری لەڕێیدا قوربانییە و داواکارییەکانی یار بەجێیەو دەبێت جێبەجێ بکرێن.

**دڵبەرەی قەد عەرعەرەی بێ ڕەحمەکەی بەدبەختەکەم**
**دڵ ڕفێنەی شۆخەکەی بێ عەهد و پەیمانم وەرە**
**نازەنینەی سوخمە ئاڵەی دیدە مەستەی کەچ کولاە**
**گوڵعوزارەی شۆخ و شەنگەی شاهی خووبانم وەرە**
**خانە وێرانم لە دووریت، ڕەهزەنی ئیمان و دڵ**

**زینەتی بەزم و سروورم، شەمعی دیوانم وەرە**

جوانی کچانی کورد لە چاوی تایەر بەگەوە، باڵای عەرعەری و کڵاوی لار و چاوی مەست و زوڵفی ڕەش و ئەبرۆی هیلالییە، وەسفەکانی تایەر هێندە جوان و ناسک و تەڕن، هەرکەسێک شیعرەکانی بخوێنێتەوە، وەک ئەو عاشق دەبێت، لە هەمان کاتدا باس لەوە دەکات کە کچان کاتێک بە جوانییەکەیان دەبنە پاشای جیهان، چۆن کڵاوەکانیان لار دادەنێن و ناز دەکەن و دەنوێنن زیاتر خۆیان بەسەر ئەو کەسەی عاشقیان بووەو بە ئارەزووی خۆیان هەڵیان دەسووڕێنن.

تایەر بەگی جاف زۆر حەزی لە ڕاووشکار و کەیف و گەشت و سەیران بووە، جارێک لەکاتی ڕاوکردن و بەهۆی میلی تفەنگەکەیەوە پەنجەی شایەتومانی دەشکێت، پەنجەی شایەتومان هەمان پەنجەی نووسینە، تایەر بەگ لە چامە شیعرێکی زۆر بەرز و جوانیدا باس لەوە دەکات، بۆیە دەستی قەدەر پەنجەی شکاندووە تا وەسفی ڕووی جوانی یار بە شیعر و پەنجەکانی نەهۆنێتەوە، چونکە فەلەک زانیویەتی ئەگەر تایەر بەگ پەنجەی لەکارابێت، وەسفی ڕووی ئازیزەکەی دەنووسێت و بازاڕی خۆر و مانگ نامێنێت، لێرەدا تایەربەگ گەیشتووەتە لووتکەی شوبهاندن، لەم بارەیەوە دەڵێت:

**عیلاجی دەردی ئیشقی خونچەی لێوی شەککەرباری**
**گوڵ و شەککەر دەبارێنێ بە حەققەت نوتقی گوفتاری**
**فەلەک زانی کە دەشکێ ڕەونەقی بازاڕی مانگ و خۆر**
**شکاندی پەنجەکەم تا من نەنووسم وەسفی ڕوخساری.**

هەروەها بەردەوام دەبێت لەسەر شیعرەکەی و وێنەیەکی جوانی مەعشوقەکەی گرتووە، وێنەیەک توانیویەتی بەهەموو ڕەنگ و جوانییەکەوە بیگوێزێتەوە بۆ خوێنەر، بە سەیری تیلەی چاو و کورتە نیگایەک و خەندەیەکی پڕ لە عیشوەی کچانەوە، وێنەکەی وەک شەکر شیرینە و ڕەنگی وەک گوڵ جوانە و وشەکانی وەک شەکر شیرینن، بە جۆرێک کە دەیان دڵی عاشقی لای خۆی زیندانی کردووە، ئەم هەموو ناز و عیشوە و جوانی و سیحرەی لە کوێ هێناوە، دەبێت لە بابل خوێندبێتی؟ شاری بابل بە سیحری ژنانە و جوانی بەناوبانگە و قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی پێ کردووە، ئەم وەسفەی شاعیر ئاماژە بە ئایەتەکەی قورئان لەو بارەیەوە دەڵێت:

**بە غەمزەی نیم نیگاهی سەد دڵی بێچارە مەحبووسە**
**لە بابل خوێندوویە ئەفسوون دوو چاوی بیچووە عەییاری**
**بە شوعلەی شەمعی ڕوخساری دەسووتێ دڵ وەکو قەقنەس**
**وتم پەروانەیە، یاڕەب نییە وا بانگ و هاواری**

ئەم شاعیرە شەیدایە تەنیا خۆی بە پاڵەوانی مەیدانی ئەو جوانە دەزانێت، باس لەوە دەکات هەروەک چۆن یووسف پێغەمبەر (د.خ) لەبەر جوانییەکەی سەدان کەس بەڕیز وەستابوون بۆ کڕینی، تەنانەت ژنی عەزیزی میسریش لە ڕیزی کڕیارەکاندا بوو، بەڵام ئەوەی بەدڵ و گیان کڕیارە و دەیەوێت ئەو شۆخە نازدارە بۆ دڵی خۆی ڕام بکات تەنیا (تاهیر)ەو کەسی تر وەک ئەو خۆشی ناوێت، لەم بارەیەوە دەڵێت:

**وەکو یووسف ئەگەرچی موشتەری وەستاوە سەف دەر سەف**
**وەکو تاهیر نییە ئەمڕۆ بە جان و دڵ خەریداری**

هەرچەندە بەشی زۆری شیعرەکانی تایەربەگ، باسی ئەوین و جوانی کچانی کورد و نازدارانی جاف دەکات، بەڵام لە دوو چامەدا لای بەلای جیهانی عیرفانی و عەشقی حەقیقیدا کردووەتەوە، چامەیەکی یەکەمی لەباسی ستایشی پێغەمبەردا (د.خ)، چامەیەک پڕە لە خۆشەویستی و گەورەیی سەرداری هەموو پێغەمبەران، دەتوانین بڵێین بەو چامەیەی هەقی هەموو بێدەنگییەکانی تری کردووەتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێت:

**مەتلەعی سوبحی سەعادەت مەزهەری (علم الیقین)**
**ئەی سپەهسالاری فەوجی ئەنبیاء و مورسەلین**
**بۆ نەوازش، زاتی حەق هەم حوججەت و هەم دەنگی تۆ**
**شاهیدی تەعزیمی تۆ بوو یاوەری (روح الامین)**
**موشکی تۆزی دامەنت، عەتری دەماغی ئەتقیا**
**یەعنی بۆ تەئسیری بینش، عینی سورمەی خاکبین**

تا دەگاتە:

**ڕوو لە قاپی موستەفا کە بێژە (یا خیر البشر)**
**نیمە تۆشەی ڕێگە، جوز ئیخلاسی ئالی تاهیرین.**

هەروەها چامەیەکی زۆر بەرزی بۆ شێخانی نەقشبەندی و خانەقای بیارە نووسیوە، لە ڕۆژگاری تایەر بەگدا خانەقای بیارە ناوەندێکی گرنگی عیرفانی و زانستی و ڕۆشنبیری گرنگ بووە، جێگەی کۆبوونەوەی سەدان فەقێ و مورید بووە، لە هەمان کاتدا شێخانی نەقشبەندی، بەتایبەتی شێخ عومەری زیائەددین خزمەتی زۆری پرۆسەی خوێندن و عیرفانیان کردووە، هەر ئەوەشە نهێنی هەڵکەوتنی دەیان شاعیر و ئەدیبی گەورە لەناوچەی

هەورامان و هەڵەبجە و دەرچووی خوێندنگە و خانەقای شێخانی نەقشبەندی، تایەربەگ ئەو خزمەتە زۆرەی بەچاوی خۆی بینیوە، بۆیە ئەو چامە بەرزەی لە ستایشی شێخان و خانەقا و مورید و مەنسوبانی نەقشبەندیدا وتووە، لەم بارەیەوە دەڵێت:

**مەربووتە حەیاتم بە (بیارە) و بە دیاری**
**خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی قوتبی مەداری**
**ئەم کاولە دونیایە لە نەو زێڕ و زەبەر بێ**
**پاش ئەحمەدی موختار و ئەبووبەکر و سێ یاری**

تایەربەگ باس لەو پێوەندییە ڕوحییەی خۆی لەگەڵ شێخانی نەقشبەندی و خانەقای بیارە دەکات، تا دەگاتە خۆزگە خواستنی بە سەگی دەرگای قوتبی تەریقەت، لەهەمان کاتدا گرییان دەداتەوە بە پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدین، ئەمانیش هەڵگری ناوی ئەوانن و درێژەپێدەری هەمان پەیامی ئەوانن، هەروەک دەڵێت:

**فارووقی زەمان حەزرەتی نائیبی شێخ عوسمان**
**واسڵ بوو بە دەرگاهی کەرەم، ڕەحمەتی باری**
**ئەم حوجرەیە کە جێی تەوافگەهی حەزرەتی شێخە**
**یەکسەر هەموو ئەنوارە چ سەقف و چ کەناری**
**هەردەم بۆ تەوافی، جەمعی مەلەک دێن**
**خاڵی نییە یەک ئانێ، نە حوجرە و نە حەساری.**

ئاماژە بەوە دەکات کە شێخ عومەری زیائەددین فارووقی ئەم سەردەمەیە، (فارووق) نازناوی عومەری کوڕی خەتابە، شێخی زیائەددینیش ناوی (عومەر)ـە، واتە: چۆن عومەری کوڕی خەتاب بەهۆی کارە گەورەکانییەوە بووەتە یەکێک لە پیاوە گەورەکانی مێژوو، بەهەمان شێوە شێخ عومەریش بەهۆی دڵسۆزی کاری چاکەوە بووەتە فاروقی سەردەم، شێخی زیائەددین جێگرەوەی شێخ عوسمانی یەکەم، بنیادنەری خانەقای بیارە، هەر بەهۆی خزمەت و دڵسۆزی ئەوەوە بووەتە شوێنی تەوافی خواناس و عاریفان و بۆ تەنیا ساتێک چۆڵ نابێت.

تایەربەگ بەردەوام دەبێت لەسەر گەورەیی خانەقای بیارە و شێخی زیائەددین، تا دەگاتە:

**ڕەحمێ بکە بەم (تاهیر)ی بێچارەیی مسکین**
**مەهجووری دڵی، وا لە دونیادا بێزاری.**

تایەربەگ لەگەڵ ئەوەشدا عاشقێکی دنیایی گەورە بووەو خۆشەویستییەکەی پەردەی دڵی دڕیوەو هەموو کات ئارامی لێ هەڵگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا عاشقی حەقیقی و عارفێکی خواناس بووە، لەکاتی گریانی ڕوحیدا هەموو کات لای بەلای عەشقی حەقیقیدا کردووەتەوە و چووەتە جیهانی پاکی سۆفیگەرییەوە.

تایەربەگ لەگەڵ شاعیرانی ڕۆژگاری خۆیدا پێوەندی هەبووە و شیعریان لەسەر شیعری یەکتری وتووە، لەوانە ناری و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و ئەحمەدموختار، لە نموونەی ئەو شیعرانەدا، پێنج خشتەکییەکی (ناری)یە لەسەر غەزەلێکی تایەربەگ، کە لە سەرەتای پێنج خشتەکییەکەدا دەڵێت:

**صەبا سۆزەی نەسیمت با لەبۆ شادی گوڵان بابێ**
**دەمێ سروەت لە بۆ تەسکینی مورغی سەرچڵان بابێ**
**بە قانوونی عیبادەت بۆ موقیمی مەنزڵان بابێ**
**چەمەن یەکبارە خامۆشە خرۆشی بولبولان بابێ**
**دڵ ئەمرۆ مات و مەدهۆشە، خوا فەصڵی گوڵان بابێ**(٨).

جگە لە (ناری) هەندێک لە شاعیرانی تریش شیعریان لەگەڵ چامە و غەزەلەکانی تایەربەگدا تێهەڵکێش کردووە، سادەیی و ئەفراندنی جوانی و عەشق و ئەوین و خۆشەویستی و تەڕوپاراوی شیعرەکانی تایەربەگ وای کردووە خوێنەر و تامەزۆریان زۆربێت، لە هەمان کاتدا لەلایەن هونەرمەندان و دەنگخۆشانەوە بکرێنە بەستەو مەقام و بۆ هەتاهەتایە بە زیندوویی بمێننەوە.

**پەراوێزەکان:**

**١- دیوانی تاهیر بەگی جاف، ئامادەکردنی حەسەن گۆران، دەزگای ڕۆشنبیری گۆران، سنە، ل١٦ بەدواوە.**

**٢- عەلائەددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بڵاوکراوەی کوردستان، ئێران، ل ٤٩٤ بەدواوە.**

**٣- بڕوانە: د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، ٢٠١٠، دەزگای ئاراس، هەولێر، ب٤ل٥٩٧ بەدواوە.**

**٤- مستەفا صالح کەریم، باخێک لە وشە، چاپی دووەم، ٢٠١٥، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ل٣٧٤ بەدواوە.**

**٦- بڕوانە: حەکیم مەلا صالح، هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، چاپی دووەم ٢٠١١، ل١٠٥ بەدواوە.**

**٧- سی جی امونذز، کورد وترک وعرب، ترجمة جرجیس فتح الله، الطبعة الاولی، ٢٠١٢، ص٢١٦-٢١٧.**

**٨- دیوانی تاهیر بەگ، ل٦٤.**

**٩- دیوانی مەلا کاکە حەمەی بێلو، ناری، ئامادەکردنی عوسمان عارف ناری زادە، چاپی دووەم، ٢٠١٤، ل٣٢٢.**